

دۆسیێی ئێران

راپۆرت

# سوڕانەوە لەنێوان دو سەرچاوەی شەرعییەتدا

هەلۆ رەسوڵ

ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی رابەری شۆڕشی ئیسلامی، پێش ماوەیەك بۆ پتەوکردنی پارامیترەکانی شەرعیەتی دەسەڵاتی ئیسلامی وڵاتەکەی سەردانی شاری ئایینی قومی کرد.

راستیەکەی ئەم سەردانە سەرباری ئەوەی کە بە هەراو جەنجاڵێکی میدیایی پڕخەرج بەڕێوەچو، خۆی پەردەی لەسەر کۆمەڵێك پرس هەڵدایەوە کە سەرچاوەکانی دەسەڵات لەگەڵی روبەڕوون.

لە نیوەی دوەمی ٨٠کانو ٩٠کانی سەدەی رابردوەوە ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی ئەوەندەی بشێ حەزی لە سیاسەتی پراگماتیستیانەی هاشمی رەفسنجانی نەبو، بۆ ئەمەش هەوڵی ئەوەی دەدا کە کەمەندی شۆڕش بە بەها سەرەتاییەکانی شۆڕشەوە بەند بکات.

بۆ ئەمەش دوای ئەوەی سیاسەتی ریڤیزیۆنیستانەی رەفسنجانی سەرکەوتنی ئەوتۆی بەدەست نەهێناو ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش جارێکیتر بواری ئەوەی تێدا نەما کە تەکنۆکراتە پراگماتیستەکانی دەوروبەری هاشمی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، ئیتر ئایەتوڵڵا خامنەیی بە تەواوەتی کەوتە گەڕان بەدوای ئەو فاکتەرانەی کە دەشێ بەهۆیانەوە لەنگەری شۆڕشی لەسەر رابگیرێت.

## سێ هێڵی سیاسی

له ۹۰کانەوە سێ هێڵی سیاسی هاوتەریبو تەنانەت دژبەیەك لەناو نەزمی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێراندا باڵادەست بون. هەرجارەو یەکیان باڵادەست بوە. کاتێك یەکیان باڵادەست بوە، یەکیان لە دۆخی سڕیدا گلیخواردۆتەوەو یەکیشیان روبەروی دەسەڵاتبەدەست بۆتەوە.

ئەم سێ هێڵە بریتبون لە:

- **هێڵی پراگماتیزمی سیاسی رەفسەنجانی**
- **هێڵی ریفۆرمستی سیاسی خاتەمی**
- **هێڵی رادیکالیزمی سیاسی خامنەیی**

هێڵەکەی رەفسەنجانی لە کۆتایی ۸۰کانو سەرەتای ۹۰کاندا باڵادەست بو. بۆ ئەمەش ناوبراو لە هەردو خولی دەسەڵاتی خۆیدا هەوڵی بەهێزکردنو یەکانگیرکردنی دەسەڵاتو سەرمایەی لەدەست چینی ناوەڕاستی ئێران دا. ئەم هێڵە زیاتر بڕوایان بە لیبرالیزمی ئابوری هەبوو پەیتا-پەیتا هەوڵی ئازادی بازاڕیان دەدا. ئەوەندە باوەڕیان بە سیاسەتی کراوەو لیبرالیزمی سیاسی نەبوو تەنها ئابوری کراوەیان بەبنەما وەردەگرت.

هاشمی ئەم هێڵەی بە هێڵی تەکنۆکراتە پراگماتیستە ریڤیزیۆنیستەکان کرد. پاش ماوەیەك ئەم هێڵە کە پتر چاوی لە رێکخستنی توێژی سەرەوەی چینی ناوەڕاست بو، لە چوارچێوەی "حزبی کارگوزارانی سازندەگی"دا خۆی رێکخست. لە پاش خولی دوەمی دەسەڵاتی هاشمیدا ئەم هێڵە چیتر نەیتوانی ئەوەندەی بکرێ، لە بازنەی دەسەڵاتدا بمێنێت.

هێڵی دوەمیش بریتی بوو لە هێڵی ریفۆرمیستەکان کە لە نیوەی دوەمی ۹۰ کانەوە بۆ ماوەی دوو خولی یەك بەدوای یەك دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. ئەمان بەپێچەوانەی هێڵی پراگماتیستەوە ئەولەویەتیان بە کرانەوەی سیاسی دەداو پێیان وابوو کە کرانەوەی سیاسی کرانەوەی ئابووری بەدوای خۆیدا دەهێنێت نەك بەپێچەوانەوە.

ئەم هێڵە لەگەڵ ئـەوەدا بـون کـە بـۆ پێشـگرتن لـە تەقینـەوەی لەنـەکاوی کۆمەڵگا وا پێویستە کە ریفۆرمی سیاسی بەردەوام بکرێت.

خاتەمی کە رابەری ئەم هێڵە بوو، بۆ مـاوەی دوو خـولی بـەردەوام دەسـەڵاتی بەدەستەوە بوو. پاشـان دوو گروپـی سیاسـی سـازمانی موجاهـدینی ئینقلابـی ئیسـلامیو جەبهــەی موشـارەکەتی ئێرانـی ئیسـلامی وەك دوو روخسـاری بەرجەستەی سیاسی ئەم هێڵە پەرەیان بە بزاوتی سیاسیانەی خۆیان دا.

هێڵی سێیەم کە بـە هێڵـی ئوسـولیو تونـدڕەوەکان دەناسـرێو وەك پەرچـەم هەڵگرانی هێڵی شۆڕشگێڕانەی ئینقلابی ئیسلامی دەناسـرێن، لـە دوایـەمین خولی سەرکۆماریی خاتەمیدا بەچڕی وەخۆکەوتن.

ئەمانە لەچوارچێوەی هێزەکانی بەسـیجیدا بەخۆکـەوتن. هـەروەها لەشـێوەی ریزەکانی ئەنساری حزبوڵلاّدا دەسـتیان بـە رێکخسـتنی ئوسـوڵگەراکان کـرد. پاشان لەشێوەی یەك هێڵی سیاسیداو لەچوارچێوەی چەند گروپی هاوبەرژەوەنـدا بەپشتیوانی سەد لەسەدی رابەری شۆڕش خۆیان رێکخست.

ئــەوجا بەپشــتیوانی هێــزە چــەکدارەکان بەتایبــەت ســوپای پاســدارانو بەتایبەتتریش هێزەکانی مقاومەتی بەسیج، کۆنترۆڵی شەقامیان بەدەستخست.

ئەم هێڵە کە وا بۆ دوو خولی پەیدەرپەی دەچێ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتوە، بە قسەی ئایـەتوڵلاّ خامنـەیی "روانـەوەی ئینقلابـە". بـەرێزیان لـە قسـەیەکی بەناوبانگیدا بەراشکاوانە گوتبوی" ئینقلاب هەڵوەرانیشی هەیـەو روانەوشـی هەیە". ئەحمەدی نەژادو کادرە بالاّکانی هێڵی رایکاڵ سیمبولی ئەم روانەوەیەن.

لە خولی دەیەمی هەڵبژاردنی سەرکۆمارییدا وەك جارەکانی پێشو هەردو شێوە هێڵـی ریڤیزیۆنیسـتی پراگماتیسـتو ریفۆرمیسـتی سیاسـی یـەکیان گـرت. لەمەشیاندا هەر چـوار گروپـی سـازمانی موجاهـدینی ئینقلابـی ئیسـلامی، جەبهەی موشارەکەتی ئێرانی ئیسلامی، حزبی کارگوزارانی سـازندەگیو حزبـی ئیعتمادی میللی بە پشتگرتنی کاندیداتۆرەکان موسەویو کەڕوبی بەتۆخی لـە شەقامی سیاسیدا دەرکەوتن.

ئەمجارە كاتێك ململانێیەكە بەئاستێكی توند گەیشت، ئیتر شێوازەكانی روبەروبونەوە، هێڵەكانی لۆژیكی بەزاند. باسكی ریفۆرمیست باسكی ئوسولی بە خەرقی كایەكانی هەڵبژاردن تۆمەتباركرد. هەروەها ئەنجامی هەڵبژاردنەكان توندوتیژی لێكەوتەوە.

بۆیە سوپا بەتوندی هاتەناوەوەو شەقامەكانی كۆنترۆڵ كرد. ئا لەمەشەوە رۆڵی هێزە چەكدارەكان لەسیاسەتدا بەتۆخی دەركەوتەوە. بۆیە ئەم دۆخە شەرعیەتی سیاسی سیستەمەكەی بەژێر پرسیار برد!

## سوپاو شەرعیەتی سیاسی

ئایەتوڵڵا خامنەیی بۆ روبەروبونەوەی ئەو مەترسیانەی كە لەمەڕ تێكدانی بەهاكانی شۆڕش هەستی پێدەكرد، بەتەواوەتی پشتی بە سوپا بەست. بۆ ئەمەش سەلاحیەتێكی زۆروزەبەندی بە هێزەكانی بەسیجیو سوپا بەخشیو هێنانیە ناو ململانێ سیاسیەكانەوە.

ئایەتوڵڵا خامنەیی هەستی بەوە دەكرد كە ئیسلاحی نیزامی سیاسی كۆماری ئیسلامی ئێران هیچ نییە جگە لە پیلانی نەیارانی حكومەتی ئیسلامی بۆ ریشەكێشكردنی نەبێت. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزمونی شۆڕشە رەنگینەكانی وڵاتانی ئەمریكای لاتین، ئۆراسیاو ئاسیای ناوەڕاستو هتد، بەو قەناعەتە گەیشتبو كە هەرچۆنێك بوە، نابێ رێگە بەوە بدرێ ئیسلاح خوازەكان دەستكاری سیستەمی بەهاكانو دەزگاكانی نیزام بكەن.

ئەم قەناعەتە ئەوی ناچاركرد كە بۆ پاراستنی بەهاكانی نیزام سوپا بۆ ناو ململانێیە سیاسیەكان رابكێشێت. ئەو هۆیانەی ئایەتوڵڵا خامنەیی ناچاركرد سوپا بەكاربهێنێت بریتین لە:

- دروستبونی كەلەبەر لەنێوان باسكەكانی نیزامو كەمبونەوەی پشتیوانی پیاوانی دینیو بەشێكی بەرچاو لە خەڵك.

- پشتبەستن بەهێزی وشکی سەربازی سوپاییەکان بۆ روبەروبونەوەی پیلانی هەڵوەشاندنەوەی لەناوەوەی نیزامو داپلۆساندنی هەرجۆرە ئاشوبێکی سیاسی ناوەکی کە درێژکراوەی دەسوەردانی دەرەکیە.
- سەپاندنی گوتارو جیهەتگیرییەکی میلیتاریستیو سەربازی لە سیاسەتی دەرەوەو بانگەشەکردنی وەك هێمایەکی سەربەخۆیی سیاسیو کەڵك وەرگرتنی بۆ دەستەبەرکردنی شەرعیەتی سیاسی لای خەڵك.
- دابەشکردنی روناکبیران بە دو بەشی غەربزەدەو ئیسلامییو سەرکوتکردنی بەشی غەربزەدەکەی وەك رەبایەیەکی ناوەکی پیلانی شۆڕشی رەنگین.

## سوپاو ئابوری

ئایەتوڵڵا خامنەیی تەنها ئەوەی نەکرد کە سوپا لە ململانێ سیاسیەکاندا بەکاربهێنێت، بەڵکو هەوڵیدا بەپێچەوانەی رەفسەنجانیو خاتەمی کە هەوڵی بەهێزکردنی توانستی ئابوری چینی ناوەڕاستیان دەدا، سوپا لە کەرتەکانی بازار، بازرگانیو ئابوریدا بەهێز بکات.

بۆ ئەمەش سەدان کۆمپانیایان بەناوی جۆربەجۆرەوە لە بەرژەوەندی سوپا پێکەوەنا. هەروەها جگە لە سەدان کۆمپانیاو بنکەی ئابوری، بەشی شێری موزایەدە بازرگانی، بیناسازی، شارسازیو جادەسازیو پیشەسازییەکانیان پێشکەش بە فەرماندەو کادرەکانو دەستوپێوەندەکانی سوپا کرد.

ئامانجی ئایەتوڵڵا خامنەییو باسکی ئوسوڵی لەم سیاسەتە جگە لەبەهێزکردنی توانای ئابوری سوپاییەکان ئەوە بوو کە ئەم بەشە شادەمارەکانی ئابوری وڵات بەدەستەوە بگرێو رێگەش لەوە بگرێ کە نەیاران لەرێگەی ئابوریو کودەتای بازاڕەوە زەبر لە نیزام بوەشێنن.

بۆیە هۆیەکانی ئەم سیاسەتە بریتین لە:

- بە دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی ئابوری بۆ فەرماندەکان پشتیوانی سیاسیان بە پشتیوانی ئابورییانەوە ببەستێتەوەو لایەنگیریان دوقات بکات.

- به تێخستنە ئابوری ئەم توێژە سەربازییە، تێکەڵ بە رەوتی سەرمایەداری بازرگانیان بکاتو کێشەکانی سەرمایەداری بازرگانی پاش جەنگ کەمبکاتەوە.
- هێزی سەرمایەداری بازرگانیو هێزی سەرمایەی سوپا تەرازو بکاتو مەترسیەکانی لە کۆنترۆڵ دەرچونی سەرمایەداری بازرگانی کەمبکاتەوەو بیخاتە ژێر رکێفی نیزامەوە.

## ئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە

ئێستا ئایەتوڵڵا خامنەیی پاش ئەوەی تارادەیەك پلانی گۆڕینی نەرمی کپکردوە، لە بەردەوامبونو ئەنجامی ئەم سیاسەتە تۆزێك نیگەرانەو بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە زیان بە کۆمەڵگەو جەوهەری ویلایەت نەگەیەنێ، دەیەوێ بەشێوەیەکی ئارام-ئارام جارێکیتر بالانسێك بۆ دەسەڵاتی ئابوریو سیاسی سوپا دروست بکات.

- چونکە سیاسەتی بەکارهێنانی سوپا بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسیەکان بۆ کورت ماوە باشبوە، بەڵام لە درێژماوەدا نەك باش نەبوە بەڵکو ناوەرۆکی ویلایەتی لای چینوتوێژەکانی میللەت بەژێر پرسیار بردوەو هەرچی نارەزایەتی سیاسیو ئابوری هەبێ، راستەوخۆ دەستی ئاماژەکەی بۆ ئەم سیاسەتە درێژدەکرێتەوە.
- بەرئەنجامی نواندنی سیاسەتی میلیتاریستی لە سیاسەتی دەرەوە سەربەخۆیی نیزامی ئەوەندەی بشێ نەپاراستوە، بەپێچەوانەوە لەروی سیاسەتی دەرەوەوە وڵاتی روبەروی مەترسی دەستوەردانی دامودەزگا نێونەتەوەییەکانو زلهێزەکان لەکاروباری ناوەکی ئێران کردوەو لەوەش واوەتر دورنییە وڵات روبەروی جەنگێکی ترسناکی تەماحکارانەی هێزە بیانیەکان بکاتەوە.
- تاراندنو رەتاندنەوەی روناکبیران بۆتە هۆی دروسبونی دوبەندیو گەلێك لە بیرمەندانی لە بازنەی خەمی پاراستنی نیزام دورخستۆتەوە.

## بەرئە نجامەکانی بازرگانیی سوپا

سوپا سەرباری ئەوەی ئەمڕۆ وەك بڕبڕەی پشتی پاراستنی نیزام بەناودەکرێ، بەلاّم تێکەڵبونی فەرماندەکانی بە سودی بازرگانیەوە جۆرێك لە ئالۆزی لە کارکردی ئەم هێزە دروست کردوە کە بۆتە هۆی دەرکەوتنی گەندەڵی جۆربەجۆر.

١.ئێستا ئەم هێزە لە هەمو بوارێکی ئابوریو سیاسیدا ئامادەگی هەیە تەنها لەو بەشەدا ئامادەگی کەمە کە ئەرکی سەرەکی خۆیەتی کە بریتیە لە دیفاعی میللی!

٢.قۆرغکردنی کەرتە ئابورییو بازرگانییەکان بۆتە هۆی ئەوەی بەشی کەرتە سەرەکیەکانی ئەم بوارانە لەناو کۆمەڵدا بخورێت، ئەمەش بۆتە هۆی دەرکەوتنی کێشە لەنێوان ئەم بەشەی کۆمەڵو سوپادا.

٣.بالانسی نێوان سەرمایەی سوپاو سەرمایەداری بازرگانی سوننەتی بەقازانجی یەکەمیانو بەزیانی ئەوەی دوەمیان تێکچوە. ئەمەش بەر لە هەموان زیانی بۆ پێگەی سوننەتی رابەر لەناو ئەم بەشەی بازاڕدا هەیە کە کاتی خۆی ناتقی نوری پێشەنگی گروپی ٩٩ بەرژەوەندی ئەمانەی بەسودی رابەر دەپاراست.

ئێستا چەندی دەڕوات ئەم بەشەو تەنانەت گروپی راستی موحافزەکاری سوننەتی ناتقی نوریش لە باسکی سوپاییەکان دوردەکەونەوە!و بە ریزی نارازییەکان پەیوەست دەبن.

## رێچارەی رابەر بۆ ئەم پرسە

ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی بۆ چارەکردنی ئەم پرسە، ئێستا بەپێی راوبۆچونی راوێژکارەکانی لە هەوڵی ئەوەدایە کە تۆزێك پەڕوباڵی باسکی ئوسوڵی توندڕەوی میلیتاریست بکات.

بۆ ئەمەش دەیەوێ لاباڵی موحافزەکارانی سوننەتی( ناتقی نوری)و مۆدێرن( جەماعەتی لاریجانی) بەهێزبکات. بە پتەوکردنی رۆڵی ئەم دوانە لە سیاسەتدا

ئەوە تارادەیەك ئەو سەلاحیەتە بێسنورانەی کە پێشتر لەبەر هەندێك رەوشی ئەمنی تایبەت بە سوپا دراوە، کەمبکرێتەوە.
بەلاّم سوپا لەوە زیاتر پێگەی بەهێزبوە. رێسایەکی جیهانیش هەیە لەکوێ سوپاییەکان بەهێز بن، ئەوە هەمیشە نەك مەترسی دەستوەردان بەتەنێ، بەڵکو مەترسی کودەتاشیان لێدەکرێت.
بۆیە ئایەتوڵڵا خامنەیی دەیەوێ لەمەودوا بۆ بەهێز راگرتنی ویلایەت تەنها پشت بە شەرعیەتی سەربازی نەبەستێت، بەڵکو وەکو نەریتی پێشەوایانی نیزام کەڵك لە شەرعیەتی پیاوانی دینیو حەوزەی عیلمیەی قومیش وەربگرێت.
لەبەر ئەمە سەردانی ناوبراو بۆ شاری قوم کە پاش نەجەف دووەم ناوەندی ئایینی شیعەکانە، بۆ بالاّنس کردنی سەرچاوەکانی شەرعیەتی سیاسی نیزامە. واتە سوڕانەوەیە لەناو دوو سەرچاوەی شەرعییەتی سەرەکی ویلایەت کە بریتییە لە سوپاو حەوزە.
ئێستا سەردانی ئایەتوڵڵا خامنەیی بۆ قوم، تارادەیەك دەنگدانەوەی هەبوە. رەنگیێ توانیبێتی دڵی هەندێك لەو مەرجەعە تەقلیدانە بداتەوە کە ماوەیەکە لە ئەنجامی سیاسەتەکانی نەژاد تۆراون. بەلاّم چاودێران پێیانوایە ئەم سەردانە ئەو ئەنجامە گرنگەی بەدەستەوە نەداوە کە ئایەتوڵڵا خامنەیی گرتونیەبەر.
ئایەتوڵڵا خامنەیی هەوڵی ئەوە دەدات کە بەجۆرێك دەستی سوپا هەم لە سیاسەتو هەمیش لە ئابوری ولاّت کەمبکاتەوە. چونکە ئەم دەسەلاّتە ئیتر بەرەو ئەوە دەچێ کە مەترسی بۆ کۆی نیزامەکە دروست بکات. واتە دورمەودای ئەوە دەخوێنرێتەوە کە ئەو هاوکێشەیە بەراوەژو ببێتەوە کە سوپا گوێڕایەڵی ویلایەت بێت.
بۆیە بۆ چارەکردنی ئەم بنبەستە سیاسیە ئایەتوڵڵا خامنەیی لە سەردانەکەی قومیدا تێکۆشا کە جارێکیتر متمانەی مەرجەعانی تەقلید بەدەستبهێنێتەوەو بە پاڵپشتی ویلایەتیان بکات. ئەگەر ئەم دەستەی کە لەناو تەنەی ویلایەتدا بەرەو بەهێزبوون دەچێ، بۆ پاشەوە نەکێشرێ، ئەوە ولاّتەکە روبەروی تەنگژەی ترسناك دەکاتەوە.